Kurdistan Independent Toilers' Party

حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان

# راگەیەندراوی کۆبونەوەی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان

کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ئیمرۆ ٢٠١١/٨/٢٩ سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان بە سەرپەرشتی هاوڕێ قادر عزیز سکرتێری حزب کۆبۆوە ، گۆرانکاری ناوچەکە و بارودۆخی کوردستان و نێوخۆی حزب لەو بابەتانە بوون کە لەلایەن کۆبونەوەکەوە تاوتێکران ، کۆبونەوە رۆخانی رژێمی قەزافی بە سەرکەوتنێکی تری گەلانی راپەریوی ناوچەکە دژ بە رژێمە دیکتاتۆر و ستەمکارەکان لە قەڵەمدا و جارێکی تریش پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی گەلانی قارەمانی تونس و میێر و لیبیا و یەمەن و سوریە دوپاتکردەوە ، لە سەروشیانەوە خەباتی رەوای گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا ، هەروەك کۆبونەوە دووبارە نیگەرانیەکانی حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆیی کوردستانی لە درێژەی تۆپبارانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە دوپاتکردەوە و داوای راگرتنی ئەو تۆپبارانەو بە ئاشتی و بە دیالۆك چارەسەرکردنی دۆزی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان کردەوە ، سەبارەت بە کێشەکانی ئێستای جەلەولا و سەعدیە و ناوچە دابراوەکانی تر کۆبونەوە پشتیوانی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پاراستنی گەلی کوردستان لەم ناوچانە دژ بە تیرۆر و دەستدرێژیەکان دوپات کردەوە و رایگەیاند کە چارەسەری ریشەیی پرسی کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی تەنها جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و پابەندبوونی حکومەتی عێراقە بە دەستورەوە ، سەبارەت بە پەیوەستبوونی ژمارەیەك لە کادیرانی حزب بە ریزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە ، کۆبونەوە هۆکارەکەی بۆ ئەو فشارە ئابوری و سیاسی و ئەو نایەکسانیە گەراندەوە کە دەسەڵات لە نێوان ژیان و گوزەرانی کادیرانی خۆی و حزبەکانی تر دروستکردووە ، لەوبارەوەش کۆبونەوە سەرسورمانی خۆی نیشاندا لەو هەڵلا ئیعلامیەی یەکیەتی لە گەورەکردنی ئەم مەسەلەیەدا ، ئەمە لە کاتێکدا کە ژمارەی ئەو هاورێیانەی کە پەیوەندیان بە یەکیەتیەوە کردوە (١٧) کەسە و هەر ئیمرۆش ناو پلەی حزبیان لە لیستێکدا بۆ یەکیەتی رەوانەکرا. کۆبونەوە نیگەرانی خۆی

نەشاردەوە لەوەی کە ئەوەی سالآنێکە یەکیەتی لە پەنا دۆستایەتی لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان دەیکات لە دەستێوەردان و خەڵك جیاکردنەوە و فشاری سیاسی و ئابوری زیاتر بۆتە لاوازکردنی سەنگەر و تەنانەت مێداقیەتی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانیدا.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا و بەبۆنەی هاتنی جەژنی رەمەزانەوە سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆیی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و گەلی کوردستان بە گشتی و هێز و لایەنە

Kurdistan Independent Toilers' Party

حزبی زةحمةتكيَشانی سةربةخؤی كوردستان

سیاسیەکانی کوردستان کرد و ئومێدی خواست کە ئەم جەژنە جەژنی خۆشی و شادی هەموو لایەك و بە ئاشتی چارەسەرکردنی دۆزی گەلەکەمان بێت لە ناوچەکەدا .

٢٠١١/٨/٢٩

سلێمانی

کۆبونەوەی سەرکردایەتی

حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان